## چیرۆکی ژیانم

# باوکم لەبەر ژنەکەی واز لەئێمە دەهێنێ

بەشی دووەم

پ.ن



ڕۆژ دوای ڕۆژ بـێ ئیرادەتـر دەبـووم، بـچووکترین ڕەفتـارم لەلایـەن بـاوکمو ژنەکەیـەوە چـاودێری دەکـرا. هەرچـەندە تەمـەنم بـچووك بـوو، بـەڵام پـڕۆژەی وردم دادەنـاو بـیرم لـەداهاتووم دەکـردەوە، دەمزانی گەورە دەبموودەتـوانم بۆخـۆم بڕیـار بدەم. بـاوەژن بۆخـۆی دەهاتـە قوتابخانـەو لەلای مامۆسـتاکان هـەواڵی منـی دەپرسی. دەچـووە لای دایکـی هاوپۆلـەکانمو هـەواڵی منی دەپرسی. ئەو لەوە دەترسا من ڕاستی بدرکێنمو باسی دایکمو براکـەم بکـەم. ئـەو لـەداهاتووی خـۆی دەترسـا، ئەگـەر پۆلیس ڕاسـتیەکانی بزانیبایـە، بەتۆمـەتی درۆکـردن بـاوکمو باوەژنیـان سـزا دەدا، لەوانەیـە دەریش بکرابـان. مـن بەشـێوەیەکی ئـەوتۆ خـۆم نـەبان کردبـوو، ئـەو وای دەزانـی زۆر گێـلو نـەزانم. لـە لای مامۆسـتاکانو دایکـی هاوپۆلـەکانم دەیگـوت: (پ) تۆبەرەمـە، تۆبـەرەش زۆربـەیان گێـلو سـاویلکەن. زۆر جـاران بـۆم دەگەڕایـەوە کـە گوتبـووی منـداڵێکی درۆزنـە، ئەگـەر قسەی نابـەجێو سەیریـشی کـرد لێـی مـەگرن. بـاوەژنم بەشـێوەیەکی ئـەوتۆ ڕەفتـاری دەکـرد کـە دایکـی هاوپۆلەکانیـشم لـێم بـەگومان کەوتبوون. من نەمدەویست کێشەو گرفتـی گەورەتر بۆخـۆم زیـاتر بکـەم. بـە ڕووکـەش خـۆم نـەزانو سـادە پێـشان دەدا، لەناخەوەش خوێناوی خۆم دەخواردەوە.

بـەهۆی ڕەفتـاری بـاوەژنم، مـن گۆشەگیرو کەمدووم لێدەرچووبوو. ڕێگـەی نـەدەدام تێکـەڵاوی دیـتران بکـەم. دوای دەوامی قوتابخانە بەپەلە دەگەڕامەوە ماڵ. دەبوایـە وەك بەردەسـت هاوکـاری بکـەم. قاپو قاچاغی بۆ بشۆم. ژوورەکـان گەسـك بـدەم. مـن پـڕ بـەدڵ منداڵـەکانی ئـەوم خۆشدەویست. بـراو خوشـکی خـۆم بـوون، بەختـەوەریو شـادومانی ئـەوانم دەویـست، بەڵام نەمدەویست ببم بەخزمەتکاری ئـەوان. جیاوازی نێوان منو ئەوان چی بوو؟!، هـەر سێکمان منداڵی یەك باوك بووین، ئـەوان لـە لای دایکـی خۆیـان بـون، منـیش سـێویو دابڕاو. باوەژن سیاسـەتێکی زۆر دووڕووانـەی هـەبوو، لەبـەردەم خـەڵك بەقـسەی خـۆش بانگی دەکردم، لەباوەشـی دەگرتمو ماچـی دەکردم، داوای لەمنداڵەکانی دەکرد بە کاکە بانگ بکەن، بەڵام کە تەنیا دەبووین قـسەی ناشـیرینی پێـدەگوتم، ڕووشـکێنی دەکـردم. هەنـدێ جـار لێـشی دەدام، خزمـەتی منداڵەکانی خۆی پێدەکردم. هـەرگیز باسـی دایکمی نەدەکرد، بە ئەقڵی خۆی دایکمو بـرا دابڕاوەکەی خۆمم لەبیر کردبوون، فەرامۆشم کردبـوون. زۆرجـاران بەئەنقەسـت باسـی منداڵی لێدەپرسیم، من خۆم نـەبان دەکـردو وام دەنوانـد کـە هـەرگیز ڕابـردووم نایەتـەوە بیر. وام دەنواند کە من خەڵکی ئـەو وڵاتـەم، جگە لەباوکمو ئەو و منداڵەکانی ئەو، کەسـی دیکـەم نیـەو کەسـی دیکـەش ناناسـم. جارێکیان لەسەر کۆمپیوتەر بووم، بە (ئـێم ئێس ئـێن) قـسەم لەگـەڵ برادەرێکـی بـاوکم دەکـرد. ئـەو کەسـە زۆر بـاش ئێمـەی دەناسی، لێی پرسیم: (ئایا ئاگات لـەدایکتو براکەت نیە!)، مـن نـەموێرا بڵـێم نـا، گـوتم:

بەڵـێ زۆرباشن، ئەوانیش لێرەن. ئەو زۆر لای سـەیر بـوو، پرسـی: (چـۆن کـەی ئـەوان هـاتوون؟!. دوو مـانگ لەمەوبـەر لـە کوردستان بووم، ئەوان لەوێ بوون!!). لـەو کاتـەدا بـاوەژنم هاتـە ژوورێ، خێـرا خـۆی گەیاندە کۆمپیوتەرەکەو منـی دەرکـرد. ئـەو لەجێگـەوی مـن دانیـشت. ئینجـا بـەناوی منەوە برادەرەکەی باوکمی جنێوباران کـرد. من دەمویست هێواش هێواش لەڕێگـەی ئـەو کابرایە دایکمو براکەم بدۆزمـەوە، بـەڵام ئـەو وایکرد کە ئیتر من لۆك بکاتو جارێکی دیکـە قسەم لەگەڵدا نەکاتەوە.

خزمـەکانی بـاوەژنم بـەردەوام تەلەفۆنیان دەکرد، بەڵام ئەو هەرگیز ڕێگـەی نەدەدا خزمەکانی باوکم تەلەفۆن بکـەن. زوو زوو تەلەفۆنی ماڵەوەی دەگۆڕی. جارێکیـان خوشکی باوکم تەلەفۆنی کرد، داوای منیـشی کـرد قـسەی لەگەڵدا بکـەم، بـەڵام بـاوەژنم درۆی لەگەڵـدا کـردو وای تێگەیانـد کـە مـن لەقوتابخانـەم. ڕۆژانـە ئـەو ئازارانـە دووپـات دەبوونـەوە. حـەزی نـەدەکرد مـن مـامو پوورەکـانی خـۆم بناسـم. شـەوی یەکشەممەیەك گوێم لێ بـوو بـاوەژنم داوای لـەباوکم دەکـرد کـە سـەردانی کوردسـتان بکەن. بـاوکم لەیـستۆکی دەسـتی ئـەو بـوو.

هەرگیز قسەی نەدەشکاندو بێدڵی نـەدەکرد، بـەڵام هەسـتم کـرد لەسـەر ئـەو مەسـەلەیە دەمـەقاڵێ پەیـدابوو. بـاوکم حـەزی دەکـرد هەمووماں بچینەوە، بـەڵام دەیگـوت دەبـێ (پ) لەماڵی دراوسێکەمان بمێنێتەوەو بـچێتە قوتابخانـە. بـاوکم ڕازی نـەدەبوو. بیـانۆی دەهێنایەوە. گـوێم لێبـوو، دەیگـوت: ئەگـەر لێرە بمێنێتەوە لەوانەیە گرفتمان بۆ دروسـت بکـات. باشـتر وایـە لەگـەڵ خۆمـان دابـێ. هەرچۆنێ بوو بۆ یەکەمین جار قسەی بـاوکم سەری گـرت. بڕیاریانـدا هـەمووماں پێکـەوە بچینەوە کوردستان. بـەیانی درەنـگ لەخـەو هەڵساین. خواردنی بەیانیو نێوەڕۆمـان کـرد بەیەك. کـاتێ فزاقینمـان دەخـوارد، باوەژنم مەسەلەکەی هێنایە گۆڕێو مـژدەی پێـداین کە لەو زووانە سەفەری کوردستان دەکـەینو خـزمو کەسـانی خۆمـان دەبینـین. ئـەو زۆر گوشـادو دڵخـۆش دیـاربوو. بەشـێوەیەکی ئەوتۆ باسی خزمو کەسـەکانی بـۆ دەکـردین کە هەر ناگێڕدرێتـەوە. باسـی بـراو خوشـكو دایـكو بـاوکی خـۆی دەکـرد. جگـە لەخزمـەکانی خـۆی باسـی کەسـی دیکـەی نـەدەکرد. دەیگـوت بـەو مەرجـەی دەتانبەمەوە کە نابێ یەك مەتر لـەخۆم دوور

بکەونەوەو بەتەنیاش قسە لەگـەڵ کـەس دا نەکەن، ئەگەر یەکێك قسەشی لەگەڵ کـردن، دەبێ ڕاستو ڕەوان بـۆمی بگێڕنـەوە. ئێمـە سۆزو بەڵێنمان پێدا. ڕۆژی دوایی باوکم چوو بلیتی سەفەری کڕی. هـەمووی هەفتەیـەکی نەبرد، ئێمە هاتینەوە کوردستان. ماوەی ٢٠ ڕۆژ زیـاتر بـوو لەکوردسـتان بـووین، بـەڵام جگە لەخزمەکانی باوەژنم کەسی دیکـە نـەی دەزانی ئێمە هاتووینەتەوە. ڕۆژێکیان بـانگی کـردینو تێـی گەیانـدین کـە دەچینـە مـاڵی دایکـی باوکتـان، دەبـێ ئـەوان وا بـزانن کـە ئـەمڕۆ هاتووینەتـەوە. ڕۆژی دوایـی چـووینە مـاڵی نـەنکم، ئـەوان زۆر بەگەرمییـەوە پێشوازیان لێکردین. باوکمو بـاوەژنم درۆیـان لەگەڵدا کـردنو سـوێندیان بـۆ خـواردن کـە تازە هاتووینەتەوە، دەبێ شەو بچینە مـاڵی باوکی باوەژنم. باوکم بەڵێنی بە دایکی دا کـە ڕۆژێکـی دیکـە سـەردانی دەکاتـەوەو شـەو لـەلای دەمێنێتـەوە. سـەیر لـەوەدابوو کـە ئەوانیش کەسیان باسـی دایکـمو براکـەمیان نەکرد. وەها خۆیان نەبان کرد کـە هێنـدەی نەمابوو باوەڕ بەخۆم بهێنم کە من جگـە لـەو ژنـە دایکێکـی دیکـەم نیـەو مـن خـەیاڵان دەکەم.

دوو مانگ زیاتر لەکوردسـتان ماینـەوە، لەوماوەیەدا تـەنیا سـێ شـەو لـەماڵی نـەنکم ماینـەوە، ئـەوانی دیکـە یـان لـەماڵی بـاوکی بـاوەژن یـان لـەماڵی خزمـەکانی بـاوەژن بـووین. بـاوکم سـەردانی خزمـەکانی خـۆی نـەکرد. ڕۆژێکیـان لەهاوینەهـەوارێك دانیشتبووین، خزمێکی باوکم کە دیـاربوو زۆر لەمێـژبوو یـەکتریان نـەبینی بـوو، بەگـەرمی هاتە لای باوکمو یـەکتریان مـاچ کـرد. بـاوکم ئێمـەی پێناسـاند. کـابرا تەماشـایێکی منـی کـردو لـەباوکمی پرسـی: (ئەمـەیان کـوڕە گەورەکەتە، هی ژنەکەی دیکەتـە وانیـە؟!). بـاوکم سـوور هەڵگـەڕا، بـێ ئـەوەی وەڵامـی بداتـەوە، دەسـتی گـرتو دووری خـستەوە. بەچرپە چەند قسەیەکی لەگەڵدا کـرد. کـابرا ڕۆیشتو باوکیشم گەڕایەوە لای ئێمـە. ئەمـە دوایـین ڕۆژی کوردسـتانمان بـوو، چـوونکە هەر ئەو ئێوارەیە باوەژنم بڕیاریدا کە دەبـێ بەیانی زوو بەرەو تورکیا بەڕێ بکەوین.

## دەروون



دونیا

### سەرۆك عەشیرەتو فەوجە کۆنەکان

دەڵێن ئەگەر جووتیار خراپو نەزان بێت گایـەکانی کاوێژ دەکـەن. ئـەم پـەندە ئەگـەر بیکەینـە بـەر دەسـەڵاتی حزبـی، حکومی کوردیدا دەقاودەق پڕ بەباڵای خۆیەتیو دەڵێی بۆ بـەری ئـەو دوراوە. زەمانێـك بـوو کـە کـورەی خـەباتی پێشمەرگایەتی لەشـاخ جۆشـی سـەندبوو، حکومەتو دیکتاتۆرەکەیان هێنابووە لەرزە، بەشـێکی زۆری کوردسـتان ببووە جێگـەی حەوانـەوە بۆ بەرهەڵستکارەکانی ڕژێمو ئامادەنـەبوون خزمـەتی بکـەن، ئالەوکاتـەدا سـەدان خـائینو خـۆفرۆش بـەناوی (موستەشار)ەوە پێشبڕکێیان بوو کە ڕۆژێ زووتـر (فـەوجێکی خەفیفـە) یان بۆ دەربچێ، لەلایـەك بۆ دزینـی ئـەو پـارە زۆرو بـێ شـومارەی کـە بـەعس بۆیـانی سـەرف دەکـرد، لەلایـەکی دیکەشـەوە بـۆ پێکـەوەنانی کۆمەڵێ (جاش)ی کوردی لـەژێر چاودێری ئیستخباراتی عەسکەری بۆ لێدانی هێزی پێشمەرگەو کـاولکردنی گونـدەکانی کوردسـتانو گـەڕانی سـەرجەم کـونو کەلەبـەردو ئەشکەوتەکانی کوردسـتان (توولـە) ئاسا لەپێش ڕاوچییەکانیانەوەبوون... ئەوانە نەك هەر خۆفرۆش بوون، بەڵکو زۆربەیان (بێ ڕەوشت)و داوێن پیسو بێ مروەت بـوون، بۆیـە ئێـستاش لەناو زۆربەی خەڵکی کوردستاندا بەچاوی سووك سەیر دەکرێن.. پـیرە مێردو پیرەژنو منداڵەکانی پاشماوەی ئەنفال، دەستیان ناڕواو ناوێرن، ئەگینا بـەڕۆژی نیـوەڕۆ هـەموویان کـەوڵ دەکـەن، چـونکە دەزانـن ئـەو مـستەشارو سـەرەك عەشـیرەتانە لەبـەعس زیـاتر دەوریـان بینـی لەئـەنفالکردنی کەسوکاریاندا... (زۆر عەیبـە بـۆ ئیدارەی کـوردی) کـە بـەبڕیارێك ئـەو خزمەتـە پـڕ لەشـەرمەزارییەی خـستۆتە سـەر خزمـەتی فەرمانگـە مەدەنیـەکانو مووچـەیانی پـێ زیـاد دەکـات، خـۆ پێشمەرگەیەکی دوای ئـەنفالیش هـەمان شـتو ڕەنگـە کەمتریشی بـۆ کرابێ.. دەسەڵاتێك دوای ئەو هەموو شەهیدانو ئـەنفالکردنو ڕاپەڕینـە، ئەمانە بخزێنێتە ناو حکومەتو پارلەمانو هێزی پێشمەرگەو ئاسایشەوە (تەبعەن) جورئەتی کاوێژ دەکـەن، پـشتیوانی لەبـەعس بکـەنو هـەوڵی زیندووکردنـەوەی جاشـێتیو فەوجـە کۆنـەکانیان بـدەن، بـەڵام ئەمجارەیان، دەبێ بۆ کێ بێتو کێ لەپشتیەوە بێت؟.

دیـارە، دوای سـەرنەکەوتنی حکومـەتی عێراقـی، ئەمریکیـەکان لەچارەسەرکردنی تیرۆر، دوای ئـەوەی کـە ئـەمریکا زانـی ئـەم ئیدارانـە باش خزمەتی گەلەکەیان ناکـەنو لەئەنجامدا خۆپێشانداندو پشێوی لێ دەکەوێتـەوەو بەرژەوەندییـەکانی ئـەوانیش دەکەوێتـە مەترسـییەوە، ڕەنگە گەیشتبێتە ئـەو بـاوەڕەی کـە کۆکردنـەوەی سـەرۆك عەشـیرەتە عەرەبەکانو (فەوجە کوردییەکان) لەژێر چاودێری خۆیـان خزمـەتێك بـە وەزعەکـە بکـات، (موئەیـەد العـوانی) بـەناوی زۆربـەی سـەرەك عەشیرەتەکانەوە لەبەردەم میدیاکانی جیهاندا لە کۆبوونەوە فراوانەکەی سەرۆك عەشیرەتە عێراقیـەکان ( کـە کوردیشی تیـا بـوو) ووتـی: ئێمـە جەخت لەسەر ئـەوە دەکەینـەوە کـە بڕگـەی (ڕیشەکێشکردنی بـەعس) لەدەستووردا بسڕینەوەو ئەوانەی کاتی خۆی فیـدارکارییان کـردووە بـۆ ئەم وڵاتە دووبارە بگەڕێندرێنـەوە بـۆ نـاو دەوڵـەت.. دیـارە ئـەو پیـاوە تیشکێکی سەوزی بـۆ داگیرسـێنراوە لەشوێنێکەوە بۆیـە دەتـوانێ ئـەو جورئـەتـە بکـات. ئـەو تیـشکە ڕەنگـە شمـولی کۆنـە خۆفرۆشـەکانی کوردستانیـشی کردبـێ هەربۆیـە ئێـستا دەنگـۆی زیندووکردنـەوەی (فەوجـەکان) لەئارادایـە.. ئەگـەر خـەوی غەفڵـەتو بـێ موبـاڵاتی جوتیارەکانمان بەرنەدات، ئەمە زیاتری بەدواداێتو دوورنیە کێشەیەکی وەکو ئەوەی (بلوجستانی) ناو دەوڵەتی پاکستانی لێ نەکەوێتەوە.




پ. عوسمان

لـەم ڕۆژانـەدا لەیـەکێ لـە ڕۆژنامـەکانی تاراندا هـەواڵێکی سـەیرم خوێنـدەوە، گوایـە پیاوێك لەگەڵ هاوسەرەکەی بەشەڕ هـاتووە، یەکسەر هەرچـی زێـڕو ئـاڵتوونی ژنەکەیـەتی بردوویەتیو بۆ شوێنێکی نادیـار ڕۆیـشتووە. ژنەکە بە پۆلیسی گوتبوو کە ئەو نـەیزانیووە مێردەکەی خـۆی گـوم دەکـات، چـونکە زۆر جاران کە ناخۆشیمان بووەو دمکە دمکمـان کـردووە، ئـەو زێڕەکـانی هـەڵگرتووەو بردوویـەتی، دوایـی هاتۆتـەوە مـاڵو ئاشتبۆتەوە، کەچـی ئـەمجارە چـۆن لـەماڵ دەرچووە، نەگەڕاوەتەوە.

ئەم هەواڵە تەنیا ڕووداوێك نیـە، بـەڵکو بەدەیان ڕووداوی هاوشێوەی ترم دیووە کـە پیاوەکان تووڕە دەبن، یان نێوانیـان لەگـەڵ ژنـەکانیان تێـك دەچـێ، یەکـسەر زێـڕو ئاڵتوونەکان کۆ دەکەنەوەو گلی دەدەنـەوە. لەوانەیە ئەمە سەرچاوەی لـەوە گرتبـێ کـە پیاوان خۆیان بەخاوەنی ئەو شتانە دەزانـن. لەوانەیـە وا لێکیبدەنـەوە کـە بـەپارەی ئەوانـەوە کـڕدراون. هەنـدێك پیـاو ئەوەنـدە کۆنە پارێزانە لە ژیانی هاوسەرێتی دەڕوانـن، وادەزانـن کـە پـوولو پـارە هـەموو شـتێکە، ئەگەر ژن زێڕەکەی لێسەندرایەوە ئیدی هـیچ ڕێگەچـارەیەکی بـۆ نامێنێتـەوە، تەسـلیم

دەبـێو هـەموو ئـازارو مەینەتیـەکان قـەبوڵ دەکات.

بەداخـەوە زۆرێـك لـە ژنـانیش ئـەو ئاڵتوونانـە بـەخوێنی خۆیـانی دەزانـنو پێیانوایـە ئـاڵتوون هـەموو شـتێکە، لـەلای خۆیـان دانـانێنو بـەدایكو خوشـکیان دەسپێرن، ئەوان ماڵی باوانیـان بـە باشـاترو قـایمتر دەزانـن. مـن پێموایـە ئـاڵتوونو زێـڕ مایـەی بەختـەوەری مرۆڤـەکان نـین. تێگەیـشتنو خۆشەویـستیو پـەیمانی هاوسـەرێتی و پـاکی، بەختـەوەریو ئاسوودەیی بەدوای خۆیانەوە دێنن. ژنـی وا هەیـە هـەموو جەسـتەی لـە ئـاڵتوون هەڵکێشراوە، ئـەوەی بیبینـێ وا دەزانـێ لـە بەهەشـت دەژی، بـەڵام ژیـانی ئـەو دامـاوە لەدۆزەخ ناخۆشترو کارەسات بارترە. ژنـی واش هەیـە ئەوەنـدە نـەدارە هـەرگیز تلوانـە (ئەڵقـە)شـی لەپەنجـەی خـۆی نـەدیووە، کەچی هێنـدە ئاسـوودەو بەختـەوەر لەگـەڵ شـووەکەی خۆیـدا دەژی کـە زۆربـەی ژنـان ئیرەیی پێدەبەن.

زۆریـك لـەژنان زێـڕی زەرد بـۆ ڕۆژی ڕەش دادەنـێن، پێیانوایـە هـەرکاتێ ئەگـەر لێیان قەوماو دووچاری گرفتێك بوون، ئیدی دەیفرۆشـنو کێـشەکەی پـێ چارەسـەر دەکەن. هەندێك لـە پیـاوانیش هەرکـە نـاوی ئاڵتوونو زێڕ دێ، هۆش لەکەللەیان نـامێنێو پێیانوایە کـە کـوفرێکی گـەورە کـراوە. ئـەو پیاوە هـەرگیز بـیر لـە حـەزو ئارەزووەکانی هاوسـەرەکەی، خوشـکەکەی، کـچەکەی ناکاتـەوە. ئـەو لـەخۆی ناپرسـێ بۆچـی بـۆ خـۆی حـەزی لەمـەدالیای جـوان، سـەعاتی گرانبەها، ئۆتۆمۆبیلی تـازە بابـەت، مۆبـایلی نوێو دەیان شتی دیکەیە.

ژنو پیاو ئەگەر دارا بوون، دەبێ حـەزو ئارەزووەکانی خۆیان دابـین بکـەن. بـە دڵـی خۆیان ناوماڵ دابنـێن. جلو بـەرگی جوانو خـۆراکی خـۆشو بـەتام بکـڕن. پـارە بـۆ ئەوەیـە پێداویـستیەکانی ڕۆژانـەی پـێ مسۆگەر بکرێو هاوکاری هـەژارانی پێبـدرێ، هی ئەوە نیە دابنرێو کەشخەی پێ لێبدرێ.

نـرخو بـەهای مـرۆڤ بەخـشڵو جلو بـەرگو زێـڕ بـەرز نابێتـەوە، هۆشـیاریو تێگەیـشتوویو مرۆڤدۆسـتیو جیهـانبینی نرخو پلە بۆ مرۆڤـەکان دادەنـێن، بۆیـە مـن لێرەوە داوا لەژنان دەکەم کە خۆیان بـەزێڕو خـشڵو ئاڵتوونـەوە خـەریك نەکـەن، هـەوڵی خۆ پەروەردەکردنو هۆشـیاریو ڕۆشـنبیری بدەن، چونکە ئەگەر هۆشیاریو ڕۆشنبیریيان پەیـدا کـرد، ئیـدی هـەموو ژیـان مـسۆگەر دەکەن، دەتوانن بەختـەوەریو ئاسـوودەیی مسۆگەر بکەن.

پیاو ئەگەر ڕۆشنبیرو تێگەیـشتوو بـوو، هەزاران کیلۆ ئـاڵتوون دێنـێ. ئەگـەر نـەزانو دڵپـیسو کۆنـە پـارێز بـوو هـەزاران کیلـۆ ئـاڵتوونیش بـۆ هاوسـەرەکەی بکـڕێ، یـەك فلسی سووتاو ناهێنێ. لەو ڕوانگەیەوە دەبێ کـچان بـەدوای هاوسـەری بـاشو هۆشـیار بگەڕێن، بیر لەزێڕو دەوڵەمەنـدی نەکەنـەوە. بەداخـەوە ئێـستا دیاردەیـەکی سـەیر لـەنێو زۆرێك لـە کـچان بـرەوی پێـدەدرێ، ئـەویش شووکردنە بە کەسانی دەوڵەمەنـدو دارا. ئـەو جـۆرە کـچانە لـەو بـاوەڕەدان کـە پیـاوی دەوڵەمەند دەتـوانێ ژیـانێکی بەختـەوەر بـۆ خۆیو بۆ منداڵەکانی دابینو مسۆگەر بکـات.

نـەبیر لەخۆشەویـستیو تێگەیـشتنو ڕۆشـنبیری دەکەنـەوە، نـە پـاکیو ڕاسـتگۆییش بەمـەرجی ژیـانی بەختـەوەر چـاولێدەکەن. ڕاسـتە ئەگـەر هاوسـەر ڕۆشنبیرو تێگەیشتوو بـێ، ئەگـەر هۆشـیارو یەکسانیخواز بێ، ئەگەر خاوەن دڵێکی پـاكو پڕ ئەڤین بـێ، ئەگـەر جـوان و لێهـاتوو بـێ، ئەگـەر داراو پوولـداریش بـێ، باشـە، بـەڵام مەرج نیە کە ئەو هـەموو ئاکـارە لەکەسـێکدا کۆببێتەوە. هەموو کچێکیش ئـەو بەختـەیان نیە کە ببن بە هاوسەری کەسێ لـەو بابەتـە، بۆیـە دەبـێ ڕۆشـنبیریو تێگەیـشتوویو مرۆڤبینی بکرێ بە سەرەکیترین پێشمەرجو بۆ پێکهێنانی ژیانی هاوسەرێتی.

